# ئایا تووڕە بوونی پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) لەو کەسەی کە فاطمە تووڕە دەکات، ئەوەی لێوەردەگیرێت کە فاطمە مەعصوم و گوناهکەر نەبێت ؟

< كوردي >

شێخ محمد صالح المنجد

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچوونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

# هل يؤخذ من غضب النبي صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لغضب فاطمة أنها معصومة

< كردي >

## محمد بن صالح المنجد

ترجمة: فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عەزيز

IslamHouse.com

# ئایا توڕە بوونی پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) لەو کەسەی کە فاطمە توڕە دەکات، ئەوەی لێوەردەگیرێت کە فاطمە مەعصوم و گوناهکەر نەبێت ؟

ئەم پرسیارە ئاراستەی ماڵپەڕی ئیسلام پرسیار و وەلام کراوە :

**پرسیار :** هەندێك لە شیعەی ڕافزە ئەو ئیشکالە دروست دەکەن بۆ خەڵکی، گوایە فاطمەی مەعصوم بێت ( خوای لێ ڕازی بێت ) ئەویش بەڵگەی بەو فەرموودەیە دەهێننەوە کە فەرموویەتی : ( فاطمة بضعة مني فمن أغضبها فقد أغضبني ) واتا : فاطمە پارچەیەکە لەمن، هەرکەسێك ئەو توڕە بکات، ئەوە بێگومان منی توڕە کردووە، دەڵێن : مادام توڕە کردنی فاطمە ( خوای لێ ڕازی بێت ) تورە بوونی پێغەمبەری لێدەکەوێتەوە، توەڕە کردنی پێغەمبەریش ( صلى الله عليه وسلم ) توڕە بوونی خوای گەورەی لێدەکەوێتەوە، بۆیە فاطمە ( خوای لێ ڕازی بێت ) هەروا لەسەر هیچی بەتاڵ تورە نابێت، کەواتە : فاطمە مەعصومە، ئایا ئێوە وەڵامتان چیە بۆ ئەم ئیشکالە ؟

**وەڵام :** سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

بێگومان شیعەی ڕافزە گەل وقەومێکی سەرسەختن، چونکە هەمیشە خەریکی ئەوەن هەندێك شوبهەی بێ بنەما بجوڵێنن، هیندەی دەڵێنەوە تاوەکو لای خەڵکی وەك ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگر پێشانی بدەن، دواتریش دەیخەنە بەردەم خەڵکی نەخوێنەوار بۆ ئەوەی بیکەن بە بەڵگە بەسەریانەوە، بەڵام ئەو کەسەی کە خوای گەورە شارەزای کردبێت لە دینەکەی خۆی، یان بگەڕێتەوە بۆلای زانایان و ئەهلی عیلم، بێگومان تەواوی ئەو گومان و فرووفێڵانەی بۆ ئاشکرا دەبێت، بۆی دەرکەوێت کە چەندێك بەڵگەکانیان لاواز و کەم نرخن، وەك ئەو شوبهە و گومانەی کە ئەم برایە پرسیاری لەبارەوە کردووە، وەڵامی ئەم گومانەیش لە چەند ڕوویەکەوە دەدەینەوە :

**یەکەم :** شیعەی ڕافزە بەڵگە بەم فەرموودەیە دەهێننەوە، وزۆریش دووبارەی دەکەنەوە، بۆ ئەوەی بگەنە ئەو ئەنجامەی کە ئەبو بەکری صدیق ( خوای لێ ڕازی بیت ) لەسەر ناهەق بووە، چونکە فاطمەی تورە کردووە کاتیك داوای میراتی باوکی لێکرد و ئەویش پێی نەدا و مەنعی کرد،جا مادام ئاوا بێت، کەواتە ئەبو بەکر فاطمەی تورە کردووە، ئەگەر فاطمەیشی توورە کرد، واتا : پێغەمبەری خوای ( صلى الله عليه وسلم ) توورە کردووە، لە کۆتایشەوە، واتا : خوای گەورەی تورە کردووە، ئەمەش لە بێ عەقڵی و نەزانینیانەوەیە، چونکە ئەم فەرموودەیە لە بنەمادا لەسەر ئیمامی عەلی هاتووە ( خوای لێ ڕازی بێت ) وەك بوخاری و موسلیم ڕیوایەتیان کردووە لە موسەوری کوڕی مەخرەمەوە، کە ووتویەتی : عەلی داوای کچەکەی ئەبو جەهلی کردو چوویە داخوازی، ئەوە بوو فاطمە بیستیەوە و هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) وپێی ووت : هۆزەکەت وا گومان دەبەن کە تۆ لەسەر خاتری کچەکانت تورە نابیت، ئەوە عەلیە چوەتە داخوازی کچەکەی ئەبو جەهل، پێغەمبەریش ( صلى الله عليه وسلم ) هەستایە سەرپێ، ڕوای فەرموودەکە دەڵێت : گوێم لێ بوو کاتێك شەهادەتی هێناو و پاشان فەرمووی : کیژی خۆم لە ئەبولعاصی کوڕی ڕەبیع مارە بڕی و ئەویش قسەی بۆ کردم وپاشان بەڕاستیشی زانیم، بێگومان فاطمە پارچەیەکە لەمن، بەڕاستی پێم ناخۆشە کە تووشی زیان و خراپە ببێت، سوێند بیت بەخوا کیژی پێغەمبەری خوا و کیژی دوژمنی خوا ( مەبەستی پێی ئەبو جەهل بوو ) لای پیاوێك پێکەوە کۆ نابنەوە، ئەوە بوو عەلی داخوازیەکەی واز لێهێنا، لە ڕیوایەتەکەی بوخاریدا بەم شێوەیە هاتووە: فاطمە پارچەیەکە لەمن، هەرکەسێك ئەو تورە بکات ئەوە بێگومان منی تورە کردووە .

بە وورد بوونەوە لە ڕیوایەتەکە دەردەکەویت ئەگەر کەسێك ڕووی ڕەخنە وگلەیی ئاڕاستە بکرێت، ئەوە بێگومان دەبێت ڕووبەڕووی عەلی بکرێتەوە ( خوای لێ ڕازی بێت )، چونکە هۆکاری ئەو فەرموودەیە ئەوە بوو کە ئەو چووبویە داخوازی کیژی ئەبو جەهل، بۆ ئەوەی بیهێنێت، ئەوە بوو فاطمەیش توورە بوو، زانایانی ئوصول یش لە بنەما و قاعیدەیەکی ئوصولیدا ووتویانە : ( العبرة بعموم اللفظ لا بخصوص السبب ) واتا : پەند و گرنگ لە بەڵگە کاندا بە گشتگیری لەفزەکانیانە نەوەك بە تایبەتمەندی هۆکاری ووتنەکانیان )، بەڵام ئەوەشیان ووتوە : ئەو هۆکارەی کە بەڵگەکەی بۆ ووتراوە یەکەمجار حوکمی بەلگەکە شمولی ئەو دەکات، وە بەهیچ شێوەیەك ناکرێت لێی دەربهێنرێت و لێی دوور بخرێتەوە، جا ئەگەر ڕافزە دەیانەوێت ئەم فەرموودەیە بکەن بە بەڵگە بۆ خراپی ئەبو بەکر 0 خوای لێ ڕازی بێت ) ئەوا لە جەهل و نەزانین و شەیتانیانەوەیە کە بیانەوێت ئەم زەمکردنە ئەگەر دروست بێت بۆ ئەبو بەکر، ئەوا پێش ئەو دەبێت ئیمامی عەلی بگرێتەوە ( خوای لێ ڕازی بێت ) .

**دووەم :** ئەو تووڕە بوونەی کە لە فەرموودەکەدا هاتووە، وەك باسمانکرد، ئەوە ناگەیەنێن کە فاطمە مەعصوم وگوناهکار نەبێت، وەك شیعەی ڕافزی بانگەشەی بۆ دەکەن، نەخێر بەلکو بەلگەیە لەسەر ئەوەی پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) هەست و سۆزی کیژەکەی مەبەست بووە، ئەویش بەوەی ئەو شتەی فاطمە توور بکات ئەویش تووڕە دەکات، ئەویش بە بەڵگەی ئەوەی لە ڕیوایەتەکەی موسلیمدا هاتووە : ( ) واتا : فاطمە پارچەیەکە لەمن، ئەو شتەی ئەو ئازار بدات منیش ئازار دەدات، ئەم ئازاردانە بۆ کەسی پێغەمبەری خوایە ( صلی الله علیه وسلم ) وهیچ پەیوەندی بە مەعصومیەتەوە نییە، هەروەك شیعەی ڕافزە بانگەشەی بۆ دەکەن .

**سێهەم :** پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لە چەند فەرمودەیەکی صەحیحی تردا فەرموویەتی : هەرکەسێك گوێڕایەڵی من بکات ئەوە بێگومان گوێڕایەڵی خوای گەورە کردووە، وە هەرکەسێکیش سەرپێچی من بکات ئەوە بێگومان سەرپێچی خوای گەورەی کردووە، وە هەرکەسێك گوێرایەڵی کاربەدەستێکی من بکات، ئەوە بێگومان گوێرایەڵی منی کردووە، وەر هەرکەسێکیش سەرپێچی کاربەدەستێکی من بکات، ئەوە بێگومان سەرپێچی منی کردووە، لەم فەرموودەیەوە بە یەکدەنگی هەموو لایەك ( بە شیعەیشەوە ) ئەوە وەرناگیرێت کە کاربەدەستەکانی ئیسلام مەعصوم و بێگوناه بن، بەڵکو هەندێك لەو کاربەدەست وئەمیرانەش کە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) بۆ ئەنجامدانی کارێك ناردبوونی، کەوتونەتە هەڵە و کەموکورتیشەوە، کە پێچەوانەی قورئان وسونەتی پێغەمبەری خوا بووە، بۆ نموونە ئیمامی عەلی دەگێڕێتەوە : کە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) دەستەیەك لە هاوەڵانی بۆ جێگایەك ڕوانە کرد و یەکیك لە پیاوانی ئەنصاری کردە بەرپرسیان و فەرمانی پێکردن کە گوێرایەڵیٚ بن، پاش ئەوەی ڕۆشتن، ئەم بەرپرسە ئەناصریە خۆی توورە کرد و بە هاوەڵەکانی ووت : مەگەر پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمانی پیٚ نەکردن کە گوێرایەڵی من بن ؟ ووتیان : بەڵیٚ فەرمانی پێکردین، ئەمجا بەرپرسەکەیان پێی ووتن : ئادەی دارم بۆ کۆ بکەنەوە، ئەوانیش بۆیان کۆکردەوە، ئەمجا فەرمانی پێکردن : ئادەی ئاگری تیٚ بەربدەن، ئەوانیش ئاگریان تیٚ بەردا، ئەمجا فەرمانی پێکردن : ئادەی بچنە ناویەوە، ئەوانیش خەریك بوون بچنە ناویەوە،هەندێکیان نەیانهێشت ئەوانی تر بچنە ناو ئاگرەکەوە، و ووتیان : ئیمە بۆیە ڕامان کرد بۆ لای پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) تاوەکو لە ئاگر ڕزگارمان بیت، بەو شێوەیە مانەوە تاوەکو ئاگرەکە کوژایەوە و دامردەوە، ئەوە بوو بەرپرسەکەشیان تووڕەییەکەی نیشتەوە، ئەم بەسەرهاتە گەشتەوە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ئەویش فەرمووی : ئەگەر بهاتایە بچونایەتە ناو ئەو ئاگرەوە، ئەوا هەتا ڕۆژی دوایی لێی نەدەهاتنە دەرەوە، چونکە گوێرایەڵی بەرپرسەکان دەبێت لەسەر کاری باش و خێر بێت، بۆیە دەبینین پێغەمبەری خوا ( صلی

الله عليه وسلم )گوێرایەڵی بەرپرسانی بەمەرجی کاری خێر بە پێویست زانیوە، هەروەها تورەیی فاطمەش کە دەوترێت توورەی پێغەمبەری (صلی الله عليه وسلم )لێدەکەوێتەوە، بێگومان ئەگەر هاتوو تووره بوونی فاطمە لەسەر کارێکی باش بێت، ئەگەر هاتوو توورە بوونی فاطمە لە بەرامبەر شەرعی خوادا بێت، ئەوا کاری باش وچاك ئەوەیە کە شەرعی خوا جێ بەجێ بکرێت، ئەگەر توورە بوونی فاطمەشی لێ بکەوێتەوە، لەبەر ئەوە دەبینین پێغەمبەری خوا (صلی الله عليه وسلم ) فەرموویەتی :سوێند بیت بەخوا ئەگەر فاطمەی کچی موحەمەد دزی بکات دەستی دەبڕم، هەروەها فەرموویەتی : ئەی فاطمە دەروون و نەفسی خۆتان بەخوای گەورە بفرۆشن، چونکە من ناتوانم لای خوای گەورە هیچ شتێکیتان بۆ بکەم، لەمال وسامانم چیتان دەوێت داوام لێ بکەن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە فاطمە مەعصوم و بێ گوناە نییە، بۆ ئەم مەبەستەش دەتوانن زیاتر سەری پەرتووکی (منهاج السنة النبوية بەرگی 4/ لاپەڕە 250 بکەن ) .

خوای گەورەش زاناترە ..

سەرچاوە : ماڵپەڕی ئیسلام پرسیار و وەڵام ..